# ئەو دایکانەی کەرامەتیان لەدەستداوە، منداڵی ئازادیان نابێت

مەها ئەحمەد
و/ ڕۆشنا ئەحمەد



تابۆ، ووشەیەکی بۆلنیزییە کە دوو واتای دژ بەیەکی هەیە، لەلایەك مانای شتێکی پیرۆزی دامەزراو دەبەخشێت، لەلایەکی دیکەوە هێما بۆ شتێکی نیگەرانی بەخش، مەترسیەکی قەدەغەکراوی چەپەڵ دەکات، ڕەنگە (ترسی پیرۆز) باشترین دەربڕین بێت بۆ ڕونکردنەوەی مانای تابۆ.

(فۆنت) لەکتێبەکەیدا (سایکۆلۆژیای میللەتان) دەڵێت: "حەرام دەستورێکی نەنوسراوی کۆنتر لەمرۆڤایەتی دەنوێنێت، وەك دیارە بەشێوەیەکی گشتی حەرام لەخوداوەندەکان کۆنترەو لەبنەڕەتدا بۆ کاتی پێش هەموو ئاینیەکان دەگەڕێتەوە".

چونکە شتە حەرامەکان لەبنەڕەتدا بۆ فەرمانەکانی خودایی ناگەڕێتەوە، بەڵکو فەرهەنگێکە کە مرۆڤ زاراوەکانی داناوە لەڕێکەوتنێکی ناواخنیدا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژو نەوە بەدوای نەوە تەرخان دەکرێت، هەر کەسێك بیەوێت زیان لەکۆمەڵگە بداتو دەستی مەترسی بۆ شتە حەرامکراوەکانی بەرێت، سزا دەدرێت هەر لەنەفرەت لێکردینەوە بۆ لێدانو بەردباران کردنو سوتاندنو تەنانەت کوشتن.. بۆ سازدانی ئەم واقیعەو چەسپاندنی ئەم تابۆیانە بەخوداکانەوە بەسترانەوە، لەم دنیا کەسی سزادەری خۆی هەیەو لەو دنیاش خوداکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

ئافرەت لەهەموو قۆناغەکانی پەرەسەندنی مرۆیی، هەر لەبەر ئەوەی ئافرەتە، هەردەم هەڕەشەیەك بووە بۆ سستمی حەرامکراوەکان، ئەوەی کۆمەڵگە دایناوەو ئایین بڕیاری لەسەر داوە، چونکە هەر لەسەرەتاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، وەك ئاژەڵێکی مەترسیدار، مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەتدا کردووە، بەهێزێکی نادیارو توانایەکی سەیری خولقاندنەوە بە زەینی پیاوەوە بەستراوەتەوە، هەمیشە پێویستی بەئافرەت بووە، دەمێك خۆشیویستووە، زۆریش ستەمی لێکردووە، بەڕادەیەك لێی ترساوە کەوایلێهاتووە لەخوداوەندێکەوە بۆ نەزانێك بیگۆڕێت، لەهێمایەك بۆ پیتاندنەوە بۆ دەفرێك بیگۆڕێت کە تاکە ئەرکەکەی پاراستنی تۆوە پیرۆزەکەی بێت، ئەوەش ڕێکەوت نیە کە پێغەمبەرەکان هەموو پیاو بنو لەو خاڵەدا کۆك بن کە ئافرەت بەهاوڵاتیەکی پلە دوو دابنرێت، چونکە "پیاو سەری ئافرەتە" و "پیاوان بەسەر ئافرەتاندا زاڵن".

بەپێچەوانەی ڕێسای ئەو یاسا بەناوبانگەوە (تاوانبار بێتاوانە هەتا تۆمەتەکەی دەسەلمێنرێت) ئافرەت بەتاوانبار دادەنرێت هەتا پێچەوانەکەی دەچەسپێتو ڕۆژانە داوای لێدەکات بەهەڵسوکەوتی باش کۆمەڵگەکەی ڕازی بکات، کە خۆی ڕەزامەندێتی پیاوە، بۆ ئەوەی لەیەکەمین گوناهەکەشی پاك بێتەوە، لەوەی ئادەمی لەبەهەشتەکەی وەدەرنا، دەبێت بەهەموو شتێکیەوە ملکەچی پیاو بێت "ئەی ژنان ملکەچی پیاوانتان بن..!" پیاوانی ئاینی ئەم دەقانەیان بەو شێوەیە پیادەکردووە کە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکات، تەنانەت ئەگەر ناچاربووین بەجۆرێکی دیکەو نادروست ڕاڤەی بکەن.

بەئامانجی داماڵینی ئافرەت لەهەر توانایەك کە هەیەتیو یاریدەی دەدات ئەو پێگەیەی خۆی بگەڕێنێتەوە کە سروشت پێی بەخشیوە، ڕاڤەکارانی کتێبە ئاسمانیەکان بەجۆرێك سرودەکانی (سلێمان)یان ڕاڤەکردووە کە بەوپەڕی ئارەزوو و حەزو عیشقەوە باسی لەئافرەت کردووە، هێماکانیان بۆ مەسیحو کڵێسە گۆڕیوە! هەموو واژەو ئەو مانا ڕاستیانەیان شاردۆتەوە کە لەدەقەکاندا باسیکراوە.

ئەمە نمونەیەکی سادەی کۆنە کە میکانیزمی بیرکردنەوەی پیاوانی ئاینیمان بۆ دەردەخات کە لەسەر سیستەمێك بونیاد نراون کە تا ئەمڕۆکەش زۆربەیان ماونو نەگۆڕاون.. ڕەنگە دەزگای هاوسەرێتی ئەو تاج لەسەرکردنە ڕاستەقینەیە بێت بۆ هەوڵی پیاوان بەدرێژایی سەدەکان بۆ زاڵ بوون بەسەر ئافرەتدا، هەروەها شێوگێکی زۆر کاریگەرە بەو قسە بریقەدارانەی هەڵیگرتووە بۆ ژیانی هاوبەش، بەڵام بەوەی قەفەسەکە ئاڵتونیە، هیچ لەستەمکارییەکە کەمناکاتەوە.

خۆئامادەکردن بۆ ئەو شەوە دیاریکراوە هەر زوو دەست پێدەکات، کچان بەیاریدەی دایکانیان لەسەر کاری ناوماڵو چاودێری کردنی منداڵان مەشق دەکرێن، بینینی دەوری دایکێکی میهرەبانو ژنێکی سەلار لەشێوەکانی یاری کچانەدا خۆی دەنوێنێت، لەوەی کچ چۆن یاری بەبوکە شوشەکەی دەکات، جلی بۆ دەکاتو لایلایەو گۆرانی بۆ دەڵێتو.. ئەمانە بۆتە کەلەپورێکی هەموو کچان تا دەگەنە قۆناغی پێگەیشتن، بەوەش شتنەوەیەکی ڕاستەقینەی دەماغیان بۆ کراوە، خەون بەبەرگی بوکێنی سپیەوە دەبینیو فێری ڕاوکردنی زاوایەکی گونجاو دەبێت، ئەویش کە تەواو لەو بڕوایەدایە شوکردن تاکە شتێکە ئاواتی بۆ بخوازێت، لەبەر ئەوەی دروست کردنی خێزانو منداڵ بوون تاکە شتێکە کە شانازی پێوە بکات، دەنا ئەلتەرناتیڤەکە قەیرەبوونە، ئا ئەم ووشە تۆقێنەرە وەدووی هەموو ئافرەتێك دەکەوێتو وادەکات خۆی دور لەمێگەل ببینێتەوە، لەگەڵ ئەوەی هاوسەرێتی ئەو چارەنوسەیە کە کۆمەڵگەی پیاوسالاری بۆ ئافرەتی داناوە، کەچی بایەخ بەوە نادات کە بارودۆخی ئەم چارەنوسە چاكو دادپەروەرانە بێت بۆ ئافرەتان، بەڵکو گرێبەستی هاوسەرێتی لەزۆرکاتدا وەك کۆمپیالەیەکە/ سەنەدێکە کە موڵکداریێتی ئافرەت لەپیاوێکەو ـ باوك یان برا ـ بۆ پیاوێکی تر دەگوازێتەوە، واتە گرێبەستێکە لەنێو دوو پیاودا کە بابەتەکەی ئافرەتێکە لەگوێرایەڵی زیاتر خاوەنی چیتر نیە، ئەگەر خۆی لەسەر ئەوەش ڕازی بێت، ڕازی بوونەکەی لەناچاری زیاتر چیتر نیە.

هەر لەو کاتەی دەدرێتە دەست خاوەنە نوێیەکەی، دەبێ پەیمان بدات کە گوێڕایەڵی بکاتو هەموو لەشو ژیانو بوونو ئازادییەکەی بەپیاو دەبەخشی، وەك ئەوەی کۆیلەیەك بێت، بەجیاوازییەك لەوەی کۆیلە چەند کاتژمێرێك دوور لەگەورەکەی دەخەوێت، بەڵام ژن ئەوەش ناتوانێت کە خەوتنو ئاگاهاتنی بەپێی کاتی گونجاوی مێردەکەیەتی. کەی ویستی کاری زایەندی بکاتو ئەو خواردنەی دەیەوێت ئامادەی بکات واتە گرێبەستی هاوسەرێتی خزمەتکارو چێشتلێنەرو جێی ئارەزوو دادەیەکی منداڵەکان بەپیاو دەبەخشێت. ئەو ناتوانێت هیچ شتێك لەخۆی بکات، چونکە خۆی خاوەنی بڕیارە هەر لەهەڵبژاردنی ناوی منداڵەکانیانەوە تا هەڵبژاردنی جلوبەرگو بەکاربردنی موڵكو سامانەکانی گەر بەمیراتی بۆی مابێتەوە، چونکە ژنو مێرد یەك کەسن، هەرچی هی ژنە بوو بۆ پیاوەکەشە، بەڵام ئەوەی هی پیاوە ئەوە موڵکی پیاوە، ئەوان دوو هاوبەشی ژیانن، بەڵام بەشی ژن لەپیاو زۆر کەمترە. هیچ مافی لەو شوێنەدا نییە کە موڵکی خۆیەتی یان منداڵەکانی. پیاو بەئاسانی دەتوانێت لەهەندێ کۆمەڵگەدا لەناوی خۆی بەدەریان بکات وەك لەمیسردا، ئەوەندە بەسە کە پیاو لەدادگا سوێند بخوات "سوێند بەخودا دەخۆم کە ڕاست لەم قسەیەدا کە ئەم ژنە داوێن پیسەو ئەم کوڕەش لەمن نیە" چوار جار ئەم سوێندە دوبارە دەکاتەوە، لەپێنجەم جاردا دەڵێت "نەفرەت خودام لێبێت ئەگەر درۆ بکەم" دادگاش ناوی باوك لەم کوڕە دەسێنێتەوە، بەبیانی لەقەڵەمی دەداتو دواتر بەناوی دایکیەوە ناودەبرێت. بێجگە لەو ناوو ناتۆرانەی کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی میسری بەدوای ئەو ژنەی دەخەن.

بەڵام ئەو مەسەلەیەی کە ستەمکاری بەرامبەر بەژنان ڕوونده‌کاتەوە، لەدەزگای هاوسەرێتیدا بریتییە لە "لەباربردن" ئەوەش مەسەلەیەکی ئاڵۆزەو ڕای گشتی لەهەموو نێوەندەکان دەریدەبڕن، لەنێو پیاوانی ئاینیو کۆمەڵناسانو سەرۆکی حکومەتەکانی وڵاتان، بەبێ ئەوەی ئاگاداربێت کە ئەو مەسەلەیە زۆر تایبەتیو کەسایەتیە کە پێویستە بڕیار لەدەستی ژنیش خۆیدا بێت، لەنێو پیاوانی ئاینیو

**دەزگای هاوسەرێتی ئەگەر یەکسانیو ڕێزی ئاڵوگۆڕی تێدابێت دەکرێ ببێتە نمونەیەکی نایابی دیموکراسی کە توانای ئامادەکردنی نەوەیەکی یەکسانی هەبێت**

مەسیحیو جولەکەدا لەباربردن حەرام دەکەن، هەروەك (دانیال کالاهان) لەکتێبی لەباربردندا دەڵێت "ژیان لەچرکەساتی پیتاندنەوە دەستپێدەکاتو لەباربردنیش لەهەر قۆناغێکی گەشەکردندا بێت یان لەهەر بارودۆخێکدا تاوانە" هەرچی ئیسلامە پێی وایە پاش ڕوح لەبەرکردنی کۆرپەلە حەرامە، کە دەکاتە ١٢٠ ڕۆژی سکپڕی. واتە ئەگەر ژیانی دایك ڕوبەڕووی مەترسیش بێتەوە لەباربردن حەرامە.

بەڵام لەچین بڕوای (کونین دلن) ی فەیلەسوف "دەکرێ لەباربردن بەپێی خواستی مۆدەی لەباربردن بێت، بەشێوەیەکی دی، چونکە ژن وا پێی باشترە کوڕەکەی بورجی شێر بێت، نەك لەبورجی گیسکدا"؟ نەیارانی لەباربردن زۆرجار دەڵێن ئامانجی ئەوان پاراستنی ژنانە لەمەترسی، ئەگەرچی پزیشکەکان دەڵێن لەباربردنی زۆر لەکاری منداڵبوون ئاسانترو سەلامەتترە (لەنێوەندی سەد هەزار لەباربردندا چوار کەس دەمرێت، بەڵام لەسەد هەزار منداڵبووندا چواردە کەس دەمرێت)، بەگوێرەی ئاماری کونین ساڵی ١٩٨٨ "خۆ ئەگەر بڕوا بەوەش بکەین لەباربردن مەترسی بۆ ژن هەیە ئەوا ناکرێت بسەپێنرێتو حەرام بکرێت، ئەگەر وابێت پێویستە یاسایەك دابنرێت کە جگەرەکێشان لەژن قەدەغە بکات، بۆ نمونە لەبەر ئەوەی زیان بەتەندروستی دەگەیەنێت".

لەباربردن بەتاوانێك دانەدەنرا ئەگەر پیاوان یاسایان دەرنەکردایە، خۆ ئەگەر وا لەچارەی پیاوان بنوسرایە کە ئەوان منداڵیان ببێت ئەوا لەباربردن بەیەکێك لەنەریتە پیرۆزەکان دادەنرا.

لەدەزگای هاوسەرێتیدا پێوەری دوولایەنە لەیاسادا بەدیدەکرێتو جیاکاری لەنێوان ژنو پیاودا دەکات، پیاو کە خیانەتی لەژن کرد (لەماڵی خۆیدا) ئەوا بۆ شەش مانگ بەند دەکرێت، ئەگەر لەشوێنی دیکە بوو ئەوا ژن مافی نیە هەر شکاتیشی لێبکات، هەرچی خیانەتی ژنە ئەوا سزاکەی لەدوو ساڵەوە بۆ زیاترەو ڕێگەی بەپیاو داوە لێی خۆشبێتو لەگەڵ ژنەدا ڕێبکەوێت واتە یاسا گوێ لەپیاو دەگرێت، بێجگە لەبەکارهێنانی خراپی یاساکانی باری کەسێتی کە ژن تەواو دەچەوسێنێتەوەو لەجەوهەری ئاینەکانیشدا شتی لەو شێوەیە بەدیناکرێت، لەئاینی جولەکەدا باوك دەتوانێت کچەکەی بفرۆشێت، یان بێوەژن لەشوبرا مارە بکرێتەوەو بیەوێت یان نا، لەئاینی براهماییدا بەزۆر ژن دەفرێنرێتو بەشتێکی ڕێپێدراوی دادەنرێتو بەهاوسەرێتی کەڵە پیاوان دادەنرێت، لەکۆمەڵگە ئیسلامیەکانیشدا پیاو سزای ژن دەدات ئەگەر سەرپێچی بکات یان جێگا جیابکاتەوە یان بتۆرێت.

دەزگای هاوسەرێتی ئەگەر یەکسانیو ڕێزی ئاڵوگۆڕی تێدابێت دەکرێ ببێتە نمونەیەکی نایابی دیموکراسی کە توانای ئامادەکردنی نەوەیەکی یەکسانی هەبێت، چونکە ئەو دایکانەی کەرامەتیان لەدەستداوە، منداڵی ئازادیان نابێت، کەنیشتمانە ئازادەکان ئاوەدان بکەنەوە. یەکسانی نێوان ژنو مێرد لەمافەکاندا ڕێگەی بەردەم پیاوان ڕۆشن دەکات بۆ گرێبەست بوونیان لەگەڵ ئافرەتانی کامڵو خاوەن بڕیارەکان، نەك مۆمیاکراوێ یان خزمەتکراوێك کە بوویێتە مستیلەیەك لەدەستی تۆدا، ئەی پیاوی ئازیز یان لەدەستی کەسانی تردا،..؟

* وێنەکە لە سایتی خۆزگەوە وەرگیراوە.

ناهیدی محەمەدی

### بۆ کەسێک لە تەک تەنیایەکەم ئەماوە

بەرەو ڕووی تەنیایی دێوانە خۆم
کەسێك کاس
خۆی ئەدوێنێ
نورێکی سەوز لە دەلاقەی ژیانی
بەسەر تەرمی دیوار سەما
حۆرییەك بچوك بەسەر دەلاقەوە دڵ نیگەران
نەوەك شەیتان لە شێتان تێ بگا
هاواسای خوا لە کونجی ماڵ
ئەوین لە مەشکەی زەمان ئاوس و
ئەوینی ئەو بە بزەیەکی کە مرەنگ لەدایك ئەبوو
چەند کچی بێ گوناە ئەم هاتنەیان ئەڤپێ
وچ بێ دەنگ ژیانیان ئەژمارد
شایەد بەشی تەنیاییم بێ
بچمە خولیاکانی
شایەدیش
بمرفێنێ
لەکەناری دەلاقە
لێلاونییەکانی ئەوینەوە
چرۆی ئەوا، ئەبووژاوە
و بەرەو خۆر پەیژەی ئەبەست
بۆتەیەکی زەردو بچووك
بڵێ نیشتیمانەکەی دۆڕاندبێ
بێئۆو لەم کەنارە بگەشێتەوە
بێنن تا دەراوسێیی کازیوە
نیگاڕوان بین
شایەد بەشی تەنیایم بێ
بچمە خولیاکانی
شایەدیش بمرفێنێ
بێین تا دەراوسێیی کازیوە
نیگاڕوانی بین